کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-6-2007 18:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە پیناو وشەدا... شاهیدێک لە بەینیی مەهاباد قەرەداغی و تاڤگە سابیر ... ئیسماعیل کەریم

ئەڵمانیا
www. ismail. karim. com

مرۆڤ کاتێ نیشتیمانی خۆی خۆش ویست، دەبێت دڵسۆزی بکاتە کارو کردەی هەردەمی بۆ ی، واتە پێوستە لە هەموو کاتەکاندا و لە ئاست هەموو ڕوداو پێشهاتەکاندا خۆی وەک کەسێکی بەر پرسیار بزانێت، ئەگەر نا ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان کاڵای نیشتیمان بوونی ئەستەمە بە باڵا ببرێت، ، دڵسۆزی و هەڵوێست وەرگرتن لە گەورەترین تا بچوکترین دیاردە و کارەساتەکان، ئەرکی هەر مرۆڤێکی ڕاستگۆ خاوەن ویژدان و نیشتیمان پەروەرە
لێرە لە ئەوروپا هاوڵاتیان خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن لە ئاست هەموو ئەو کارەساتانەی کە ڕۆژانە ڕوو دەدات، هەر لە کارەساتی پێک دادانی دوو ئۆتۆمۆبیل، تا دزین و لێدان و کوشتن و هتددد
داپیرەیەک، کورە گەنجێک، ژنێک، منداڵیک، کاتێ ئاگاداری یەکێک لەو کارەساتانە دەبێت، بە بێ ئەوەی نە کەسی کوژراو بناسێ، نە خاوەن ماڵ، نە دز، نە ئەو دوو کەسەی بەشەڕ دێن، نە کەس هانای بۆ بردوون و، نە پۆلیس بە زۆر داوای گەواهی لێ کردوون، بە ڵکو تەنها لەبەر ئەوەی خۆیان بە بەر پرسیار دەزانن بە رامبەر بە خاک وولاتەکەیان، ئامادەن گەر لە کارەکەشیان دوا بکەون ببنە شاهید و ئەو کارەساتە بگێرنەوە بۆ پۆلیس کە ڕووی داوە و ئەمان بینیویانە، بە بێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکی ئەم کەسەی تێدابێت، تەنها وتەنها دڵسۆزی بوون نەبێت بۆ ئەم نیشتیمانە شتێک تر نیە لە پشتی ئەم گەواهیەوە
بۆیە منیش لەم ڕوانگەیەوە بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم لە پێناوی ووشە و نوسیندا گەواهی دەرێک بم لەسەر ئەو داواکاریەی بەڕیز خاتوو مەهاباد قەرەداغی لە خاتو تاڤگە سابیر کە ڕوونی بکاتەوە ئایا ئەو قسانە قسەی بەڕێزیانە یان د. شاهۆ سەعید *1
ئەڵبەت ئەو داواکاریەی مەهاباد داواکاریەکی گەلێک پەسەندەو مافی هەر خوێنەرێکە بیکات کاتێ چەندین ڕستە لە وتارێکدا تەنانەت بە خاڵ و فاریزەشەوە لەگەڵ نوسینی نوسەرێکی تر وەک یەک بن دەبینێت لە نوسینێکدا، ئیمە دەزانین هەندێ جار نوسینی وتاری چەند نوسەرێک لەیەک سەرچاوەوە هەڵ دەقولێن و بەرەو یەک کەنار ڕێچکە دەگرن بە تایبەتی ئەگەر بابەتێکی ڕۆژ بێت وەک کوشتنی ژنان و گەندەڵی دەستەڵات و مادەی 140 و ئیسلامی سیاسی و.... هتدددددددد
بەڵام ناکرێ و نەبوە دوو نوسەر یان دوو شاعیر ئەگەر خاوەنی یەک ئایدلۆژیای دیاری کراویش بن و بەیەک زەمەنی نوسینیشدا تێ پەڕی بن و قوتابی یەک قوتابخانەی ئەدەبی یان فەلسەفیش بن، ئەوا تەواوی نوسینەکانیان بە ڕستەو دەستەواژە و خاڵ و فاریزە چوون یەک بن، هێنانەوەی هەر پاساوێک بۆ ئەم حاڵەتە، بە هێندەی دەست کورتی نوسەر پیشان دەدا، بە هێندەی ئەوە وەلامێك نیە منی خوێنەربڕوا پی بینیت...
ئەمە سەرباری ئەوەی کە داواکاریەکەی خاتو مەهاباد لە ڕوانگەیەکی زۆر مرۆیانەوەیە، تەنها ڕاست کردنەوە و ڕەوینەوەی ئەو تەمەیە کە ئەم وتارەی خاتو تاڤگەی گرتۆتەوە...
من وەک شاهیدێک کە بۆ دەیان جار وسەدان جار گوێبیستی خاتو تاڤگە بووم لە ژورەکانی پاڵتاکدا بە تایبەتی لە ژووری (مافی کچان و ژنان لە ژیاندا) و (ژوری کوردستان یونایتت-پۆتین) کە ئەوەی بۆ تەنها جارێک گوێبیستی ئەم خانمە بێت دڵنایی گوزەر دەکات بە ناخیدا کە هەموو ئەو نوسینانەی ماڵپەڕەکان تەنها ڕستەیەک چیە زادەی بیری ئەم خانمە نیە و هەرگیز ئەو خاوەنی ئەم پاشخانە ڕۆشنبیریە نیە کە کۆمەڵێ خوێنەر تەنها لەرێگەی نوسینەکانیەوە دەیناسن،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

من ئەوە دەزانم دونیای نوسین لەگەڵ وتوێژی ڕاستەو خۆ کەم تازۆر جیاوازیەکیان هەیە لە شێوە و شکڵی دەر بڕیندا، بەڵام بە هیندەی ئەوە نا ئاسمان و ڕیسمان جیاواز بێت، ئەگەر نا خۆ دەکرا تەنها جارێک وتووێژەکانی خاتو تاڤگە ئەم تەمی گومانەی لای منی گوێگر و خوینەر بڕەواندایەتەوە

بەڕاستی خاتو مەهاباد زۆر وردبینانە ئەم دزیەی ئاشکرا کردوە و ژێر بەڕەی خستۆتە سەر بەڕە، ئەگەر نا تۆ بڵێ ئەم ڕستانەی تاڤگە خان بتوانێت ئەم دزیە ڕەشەی سپی بکاتەوە لە کاتێکدا کە دەڵێت، (من لە سوێد ئە ژیم بە هیچ شێوە یە ك دە ستم
ناگات بە گۆڤاری لڤین، تا لە سە ر مێز ی دە سە ڵاتم بێت، وە لە زۆر سە
رچاوە گە رام بە ڵام لە وە ش بێ ئومێد بووم، تە نها لە بە شی
بڵاوکراوەکانی کوردستان نێت یە ك ژمارە ی ئە م گۆڤارە هەبوو، ئەویش
ژمارە ٤٤ بوو کە ئە کاتە ٨ ژمارە پێشی بابە تی ئە م دوکتۆرە کە لە سێ لاپە
رە ی یە ك لە دوای یە ك بڵاو کراوە تە وە ) *2

چەندە پاساوێکی بێ مانایە، تۆیەک بە وتەی خۆت لە پاڵتاک دەڵێت ڕۆژانە 10 کاتژمێر لەسەر کۆمپیتەر بیت هێندە دەستەو سان بیت گۆڤاری لڤینت بۆ نەدۆزرێتەوە؟ مەگەر لە ماڵپەڕی دەنگەکان هەمان ئەو ژمارە 52 لڤین دانەنراوە؟؟؟ خۆ ناکرێت پاساوی ئەوە بهینیتەوە بڵێ من سەردانی ئەو ماڵپەرە ناکەم؟؟؟

سەرباری ئەوەی ئەگەر ئەو هەموو نوسینانە زادەی پاشخانی رۆشنبیری خۆت بونایە. ئەوا دەکرا سەرباری لێبوردن لە خوینەران، دەبوایە دەست خۆشیت ئاراستەی خاتو مەهاباد بکردایە کە بەم زەنگە بە ئاگای هینایتەوە، بۆ دوبارە نەکردنەوەی ئاوا کارێک، کە بێتە مایەی بی متمانەی نوسینەکانت لای خوینەران

لەگەڵ هەموو ئەم شتانەشدا خاتو مەهاباد لە هیچ شوێنێکی نوسینەکەیدا ئاماژەی بەم دزینەی تۆی نەداوە بە هیندەی پرسیارەکە ئاراستەی هەردوکتان دەکات، وە ئەوەشی لا دڵنیایە کە د. شاهۆ سەعید هێندە دەست کورت و بی ئەزمون نیە پەنا بەریتە بەر نوسینەکانی تۆ بۆ قسەو باسێکی وا گرنگ و لە نێو گۆڤارێکی جدی وەک لڤیندا، بەڵام مەهاباد بە ئاراستەیەکی مرۆیانە هاتوە ئەم پرسیار گەلەی ڕووبەروی تۆ کردۆتەوە. وەک نوسەرێک کە لەمافی خۆی بی دەنگ بوە، ئەوا ناکریت وەک خوینەرێک لە مافی نوسەرێکی تر نەیەتە دەنگ، هەروەک چۆن ناکرێت منی خوینەر لە ئاست ئاوا پاساوێکی بیمانای وەک تۆدا بۆ خاتو مەهاباد بێدەنگی هەڵبژێرم

وەک لەسەرەتاوە ئاماژەم پی دا بە دەنگ هاتنی من تەنها لە ڕوانگەی هەست بە بەرپرساریتی بونمە بەرامبەر بە وشەو نیشتیمانەکەم، کە کاتێ بە دوو چاوی خۆم دەبینم بە ڕۆژی ڕوناک دز دەگیرێت و دواتریش حەشای لی دەکات

سەرچاوەکان

http://www.kurdistanan.net/index.php?mod=article&cat=mehabadqeredaxi&article=5315 1*

http://www.kurdistanan.net/index.php?mod=article&cat=tavqesabir 2*

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.